*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# A Comparative Analysis between X-bar Theory and Bare Phrase Structure (BPS) Theory in the Kurdish Language.

**Eman Kamal yaseen** *
**Salahaddin University/ College of Language/ Department of Kurdish Language**
emanyassin96@gmail.com

&

**Sajidah Abdullah Farhady**
**Salahaddin University/ College of Language / Department of Kurdish Language**
sajidah.farhad@su.edu.krd

**Received:** 17/ 4/ 2025, **Accepted:** 21/5 /2025, **Online Published:** 30/9/2025

## Abstract

This research, titled "A Comparative Analysis between X-bar Theory and Bare Phrase Structure (BPS) Theory in the Kurdish Language," presents a comparative evaluation of two major theories in the field of syntax: X-bar Theory and Bare Phrase Structure (BPS) Theory. X-bar Theory, developed in the 1970s and 1980s, introduced a static, three-tiered framework (XP, X', X) for analyzing phrase structure. Although this theory was initially beneficial for modeling syntax, it faced criticism due to several shortcomings, including its pre-supposition of static and non-dynamic phrase levels. In contrast, Bare Phrase Structure (BPS) Theory, introduced by Chomsky within the "Minimalist Program" in 1995, revolutionized the understanding of sentence structure by eliminating redundant levels and relying on the "Merge" operation. BPS dynamically and derivationally constructs

* **Corresponding Author:** Eman Kamal yaseen**, Email:** emanyassin96@gmail.com

**Affiliation**: **Salahaddin University -Department of Kurdish Language-Erbil**

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

structures, which obviates fixed predictions such as the existence of 'X' or 'XP'. The study meticulously examines the benefits and features of both theories using examples from the Kurdish language. The findings indicate that BPS Theory is more suitable and robust due to its simplicity, economy, and greater capacity for analyzing syntactic phenomena in Kurdish, particularly in terms of its compatibility with phonological and semantic interfaces. This research emphasizes that BPS offers a dynamic and derivational system that better aligns with the goals of the Minimalist Program.

**Keywords:** X-bar Theory, Bare Phrase Structure (BPS), Merge, Phrase, Specifier, Complement.

## تحليل مقارن بين نظرية إكس-بار ونظرية البنية العارية للعبارة (BPS) في اللغة الكردية

**ايمان كمال ياسين**
**جامعة صلاح الدين/ كلية اللغات/ قسم اللغة الكردية**
**و**
**ا.د. ساجدة عبد الله فرهادي**
**جامعة صلاح الدين/ كلية اللغات/ قسم اللغة الكردية**

**المستخلص**

عنوان هذا البحث هو (تحليل مقارن بين نظرية "إكس–بار" ونظرية "البنية العارية للعبارة (BPS) "في اللغة الكردية)، ويقدم تقييمًا مقارنًا بين نظريتين رئيسيتين في مجال النحو، وهما نظرية "إكس–بار (X–bar Theory)" ونظرية "البنية العارية للعبارة.(Bare Phrase Structure – BPS) " نظرية "إكس–بار"، التي تطورت في السبعينيات والثمانينيات، قدمت إطارًا ثابتًا من ثلاثة مستويات (XP, X', X) لتحليل بنية العبارات. على الرغم من أن هذه النظرية كانت مفيدة في البداية لنمذجة بناء الجملة، إلا أنها واجهت انتقادات بسبب بعض أوجه القصور، بما في ذلك افتراض مستويات العبارة بشكل مسبق وغير تفاعلي.

في المقابل، أحدثت نظرية "البنية العارية للعبارة(BPS) "، التي قدمها تشومسكي ضمن "البرنامج الأدنى " (Minimalist Program)في عام 1995، ثورة في فهم بنية الجملة من خلال إزالة المستويات الزائدة والاعتماد على عملية "الدمج .(Merge) "تقوم نظرية BPS ببناء التراكيب بشكل ديناميكي وتوليدي، مما يلغي الحاجة إلى تنبؤات ثابتة مثل وجود 'X' أو 'XP'.

يدرس البحث بالتفصيل فوائد وخصائص كلتا النظريتين على أمثلة من اللغة الكردية. تظهر النتائج أن نظرية BPS هي نظرية أكثر ملاءمة وقوة نظرًا لبساطتها واقتصادها وقدرتها الأكبر على تحليل الظواهر النحوية في اللغة الكردية، خاصة من حيث توافقها مع الواجهات الصوتية والدلالية. يؤكد هذا البحث على أن BPS تقدم نظامًا ديناميكيًا وتوليديًا يتناسب بشكل أفضل مع أهداف البرنامج الأدنى.

**الكلمات المفتاحية:** نظرية إكس–بار، البنية العارية للعبارة(BPS) ، الدمج، العبارة، المحدد، المكمل.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

**شیکارییەکی بەراوردکاریی نێوان تیۆریی ئێکس–باڕ و تیۆریی ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان(BPS) لە زمانی کوردیدا.**

**ئیمان کەمال یاسین**

**زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی زمان/ بەشی زمانی کوردی**

**و**

**پ.د.ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی**

**زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی زمان/ بەشی زمانی کوردی**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(شیکارییەکی بەراوردکاریی نێوان تیۆریی ئێکس–بار و تیۆریی ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان (BPS) لە زمانی کوردیدا)یە، هەڵسەنگاندنێکی بەراوردکاریی لە نێوان دوو تیۆریی سەرەکی لە بواری سینتاکسدا پێشکەش دەکات، کە بریتین لە تیۆریی "ئێکس–بار "(X–bar Theory) و تیۆریی ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان (Bare Phrase Structure – BPS) . تیۆریی ئێکس–بار، کە لە دەیەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ پەرەی پێدرا، چوارچێوەیەکی ستاتیکی و سێ ئاستیی (XP، X'، X) بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی فریزەکان خستەڕوو. هەرچەندە ئەم تیۆرییە لە سەرەتادا بۆ مۆدێلکردنی ڕستەسازی سوودی هەبوو، بەڵام بەهۆی چەند کەموکورییەکەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە، لەوانە گریمانەکردنی ئاستەکانی فرێز بە شێوەیەکی پێشوەختە و ناچالاک.
لە بەرامبەردا، تیۆریی ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان(BPS) ، کە لەلایەن چۆمسکییەوە لەناو "پرۆگرامی کەمینە "(Minimalist Program)لە ساڵی ١٩٩٥ پێشکەشکرا، بە لابردنی ئاستە زیادەکان و پشت بەستن بە کردەی "لێکدان"(Merge) ، شۆڕشێکی لە تێگەیشتن لە پێکهاتەی ڕستەدا بەرپا کرد .BPS پێکهاتەکان بە شێوەیەکی داینامیکی و وەرگیراو دروستدەکات، کە ئەمەش وا دەکات پێشبینییەکی جێگیری وەک X' یان XP بوونیان نەمێنێت.
توێژینەوەکە بە وردی سوود و تایبەتمەندییەکانی هەردوو تیۆرییەکە لەسەر نموونەی زمانی کوردی تاوتوێدەکات. ئەنجامەکان دەریدەخەن کە تیۆریی BPS بەهۆی سادەیی، ئابووری و توانای زیاتری بۆ شیکردنەوەی دیاردە سینتاکسییەکانی زمانی کوردی، بە تایبەت لە ڕووی گونجان لەگەڵ فۆڕمە فۆنۆلۆجی و واتاییەکانەوە، تیۆرییەکی گونجاوتر و بەهێزترە. ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە BPS سیستەمێکی داینامیکی و وەرگیراو پێشکەشدەکات، کە باشتر لەگەڵ ئامانجەکانی پرۆگرامی کەمینەدا دەگونجێت.
**وشە سەرەکییەکان :** تیۆریی ئێکس–بار، ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان(BPS)، لێکدان، فرێز، دیاریکار، تەواوکار.

**١–پێشەکی:**

**١–١ناونیشان و سنوری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(شیکارییەکی بەراوردکاریی نێوان تیۆریی ئێکس–بار و تیۆریی ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان (BPS) لە زمانی کوردیدا)یە، لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ڕستە و فریزەکان بە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی زمانەوانی و بەتایبەتی بواری ڕستەسازی دادەنرێت. تیۆرییە زمانەوانییەکان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە مۆدێل و چوارچێوەی گونجاو بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتیی پێکهاتنی ڕستە لە زمانە سروشتییەکاندا دابینبکەن. لەم چوارچێوەیەدا، دوو تیۆریی دیار و کاریگەر، کە لەقۆناغی جیاوازی گەشەکردنی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا سەریان هەڵداوە، ئەوانیش بریتین لە "تیۆری ئێکس–بار" و "تیۆری ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان" .

ئەم توێژینەوەیەش هەڵسەنگاندنێکی بەراوردکاری فرێزەکان لە نێوان ئەم دوو تیۆرە سەرەکییە لە بواری سینتاکسدا پێشکەشدەکات.

**٢–١ڕێبازوکەرەستەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی–شیکاری و بەراوردکاری دەکات. لە ڕێگەی شیکردنەوەی نموونەی جۆراوجۆر لە فرێزەکانی زمانی کوردی زاری کوردی ناوەڕاست، لە هەندێ حاڵەتی پێویستدا بۆ زارەکان یان زمانی تر چووین، هەوڵ دەدرێت لایەنە بەهێز و لاوازەکانی هەردوو تیۆرییەکە دەستنیشان بکرێت و لە کۆتاییدا ئەو تیۆرییەی کە گونجاوترە بۆ زمانی کوردی، بخرێتە ڕوو.

**٣–١پرسیاری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە بداتەوە: کام لە تیۆرییەکانی ئێکس–بار و BPS توانایەکی باشتریان هەیە بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی پێکهاتەی فریزەکان لە زمانی کوردیدا؟

**١–٢فرێز Phrase :**

فرێز بەو یەکە سینتاکسییانە دەگوترێت،کە لە کەرستەیەک یان کەرستەیەکی سەرەکی (سەرە)و هەموو ئەو کەرستانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەندن پێوەی، پێکدێت و لە ڕستەدا ئەرکێک دەبینێت.(فەرهادی ساجیدە عەبدوڵا، ٢٠١٣: ١٠ )

زمانەوانان بۆ ڕونکردنەوەیی ئەو یەکە سینتاکسییە هەمیشە لە لێکۆڵینەوەدابوون، بۆ ئەمەش چەندین جۆریان لێ دەستنیشانکردووە ، بەپێی چەندین تیۆری زمانەوانی،لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا هەریەک لە تیۆری ئێکس–بارو ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان بۆ ئەم بابەتە تایبەت کراون.


**٢–٢تیۆریی ئێکس–باڕ X-bare :**

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

تیۆریی ئێکس–بار، کە مۆدێلێکە بۆ ڕۆنانی فرێز، لە چوارچێوەی تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوەدا پەرەی پێدراوە. (هەرچەندە لەلایەن جاکێندۆف (١٩٧٧)ەوە پێشخرا، بەڵام لە ساڵی (١٩٨١) لە تیۆریی GB دا جێگیرکرا).(حەمە ڕەحیم شنە عەزیز،٢٠٢٣:٦) شایەنی باسە، تیۆری ئێکس–بار پێڕەوێکی شیکردنەوەی ڕێزمانی فرێزە، لە زمانەوانی بەرهەمهێناندا، وەک جێگرەوەی یاساکانی فرێز پێکهێنان هاتەکایەوە.(هەمان سەرچاوە:٥) ئامانجی سەرەکیی ئەم تیۆرییە دۆزینەوەی لایەنە هاوبەشەکانی نێوان پۆلە جیاوازەکانی فرێزە فەرهەنگییەکانە، وەکو: (ناو، کردار، ئاوەڵناو،... هتد) لە ڕێگەی یەک مۆدێلی ڕۆنانی هاوبەشەوە. هەر یەک لەم پۆلانە، کە سەری ڕێزمانی پێکدەهێنن، فرێزێکی تایبەت بە خۆیان (وەک فرێزی ناوی، فرێزی کرداری) بەرهەمدەهێنن و ناسنامەی فەرهەنگیی خۆیان هەڵدەگرن. (قادر سەباح ڕەشید، ٢٠٠٩: ٣١)

کاری بنچینەیی ئێکس–بار لە سینتاکسدا ئەوەیە، کە تایبەتمەندییە گشتییەکانی پێکهاتەی فرێز لە هەموو زمانەکاندا لە چوارچێوەی ڕێزمانی سەراپا (UG) و لە ڕێگەی یاسایەکی گشتییەوە بخاتەڕوو و ڕۆنانی فرێزەکان شیبکاتەوە. (عبدلرحیم عوسمان کەریم و قادر ئەبوبەکر عومەر ، ٢٠٢٣: ١٥)

یاسای بنەڕەتی تیۆری ئێکس–باڕ بەم شێوەیەی خوارەوەیە:




هێلکاری: (١) (ئەمین شلێر نایف،٢٠١٥:٢٤) و (Black Cheryl,1998:5)


ئەم هێلکارییە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە، کە هەر فریزێک لە سێ ئاستی جیاواز پێکدێت: جێکەوتەی گەورە XP /X'' دوو بارِ، جێکەوتەی ناوەند – X'/ یەک بارِ، و جێکەوتەی بچووک – X/ بێ بارِ .لێرەدا هێمای (X) نوێنەرایەتیی هەر کاتیگۆرییەکی فەرهەنگی دەکات و هێمای "بارِ"یش ئاستی پرۆژەکردن دیاریدەکات. زاراوەی "X–Bar" لەم هێمایانەوە وەرگیراوە و زۆربەی توێژەرانی کورد ئەم ناوە بەکاردەهێنن وەک: (قادر سەباح ڕەشید، ٢٠٠٩)، هەرچەندە هەندێکیان وەک: (حاجی ڤییان سلێمان ، ٢٠٠٧) بە "س–بارِ" ناوی دەبەن.تیۆری ئێکس–بارِ چەند تایبەتمانديیەکی هەیە، هەوڵدەدەین هەندێکییان لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەڕوو: (ئەمین شلێر نایف،٢٠١٥: ٢٥–٢٦)

- تیۆریی ئێکس–بارِ سیستەمێکی گشتگیرە، هەوڵی یەکگرتنی شێوەو جۆر و ژمارەی یاساکانی ڕۆنانی فرێز دەدات،لە ڕێزمانی سەراپادا و گرینگی بە تاکە زمانێک نادات، سیستەمەکە چەند بابەتێکی جۆراوجۆر لە یەک قاڵبدا ڕێکدەخات.(Cook Vivan and Newson Mark,1996:135)

- لە ڕێزمانی ئێکس–باڕدا پەیوەندی ڕۆنانیی وەکو دەسەڵات و بەستنەوە لەنێوان ئەو کەرستانە دروست دەبن، کە فرێزەکە پێکدەهێنن،واتە هەموو کەرستەکان هەمان بەهایان نییە.

- چۆمسکی دەڵێت: شیکردنەوەی ڕستە بۆ ئاستی فرێز و وشە، ناتوانێت هەموو داواکارییەکانی سینتاکس جێبەجێبکات، لەبەر ئەوە پێشتر ئاستی فرێز لەنێوان وشە و ڕستە دابەشدەبوو، ئاستی وشە نزمبوو،ڕستە ئاستی بەرزبوو، بەڵام دوای ئەوەی تیۆری ئێکس–باڕ هات، لەنێوان هەردوو ئاستەکەدا ئاستێکی ناوەند پەیدابوو،کە بە(یەک باڕ/جێکەوتەی ناوەند)ناسراوە؛

کەواتە لە ڕۆنانی هەر فرێزێک دوو ئاست دیاری کراوە، کە "X لەبری XP دانراوە و لەژێر ئەودا'X و دیاریکار هەن، دواتر بێ بار یان سفر بار ($X,X^0$)،کە دەبن بەسەرە لەگەڵ تەواوکاردا دێن. (Valin Van,2001:142)بەم شێوەیە:





هێلکاری: (٢)

- تیۆری ئکس–باڕ لەسەر بنەمای لقکردنی کەتیگۆری (سەرە) و (تەواوکار) دامەزراوە،ئەمە بۆ زۆربەی زمانەکان گونجاوە، بەڵام بە گۆڕینی شوێنی سەرە و تەواوکار لەلایەک و سەرەو دیاریکار لە لایەکیتر ،چونکە ڕیزبوونی وشەکان بەپێی زمانەکان جیاوازە.(مەحەمەد حاتەم ولیا،٢٠٠٦:٧٤) لە کۆتاییەکانی ئێکس–باڕدا گرینگترین بابەت بریتییبوو لە پێکەوەگرێدانی زانیاریی فەرهەنگی لەگەڵ زانیاریی سینتاکسی.

- لە چوارچێوەی تیۆرەکەدا تەنها سەرەی فەرهەنگی نابێتە جێکەوتەی گەورە،بەڵکو پۆلی ئەرکی کە ئەمانەن:(ناسیاوی، ڕێککەوتن، تاف...) دەتوانن ببن بەسەرەی فرێز و جێکەوتەی گەورە بگرن. ( Ali Fattah Mama,1997:207)

ئەمەی خوارەوە نمونەیەکی هێلکاری درەختییە بەپێی تیۆری X′ :




هێلکاری: (٣)

**٢–٣لە تیۆری ئێکس بارەوە بەرەو  تیۆری ڕۆنانی فرێزەداماڵراوەکان:**

هەردوو تیۆریی ئێکس–بار و ڕۆنانی فریزە داماڵراوەکان تایبەتن بە شیکردنەوەی فرێز لە زمانە سروشتییەکان. چۆمسکی تیۆریی ئێکس–باری (X′) وەک هەنگاوێکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی یاساکانی پێکهاتنی فریز دانا؛ بەڵام سەرەڕای ئەم پێشکەوتنە، تیۆرییەکە ڕووبەڕووی ڕەخنەی جددی بووەوە، بەتایبەتی لەژێر "گریمانەی کەمترینی بەهێز"دا.

ڕەخنەگران پرسیاریان لەسەر هۆکاری جێگیربوونی پێکهاتەی X′ دەکرد، لەکاتێکدا دەکرێت ژمارەیەکی بێسنوور لە سیستەمی ڕۆنانی فرێز بوونیان هەبێت. هاوکات، بوونی چوار ئاستی نواندن (DS, SS, PF, LF) لە تیۆریی GB دا وەک سنووردارکردنێکی تیۆرییەکە سەیردەکرا. لۆژیکی بنەڕەتی ئەوە بوو، کە پێویستە یاساکان گۆڕانکاریيان بەسەردا بێت تا بتوانرێت هەموو فریزەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاسان شیکار بکرێن (Epstein Samuel D. et al, 2015: 197-198).

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم کێشە و ڕەخنانە، چۆمسکی تیۆریی ڕۆنانی فریزە داماڵراوەکانی (BPS) وەک چارەسەرێکی نوێ و سادەتر دارشت.


**٢–٤تیۆریی ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان Bare Phrase Structure Theory:**

تیۆریی ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان (BPS) تیۆرییەکی بیناسازیی ڕستەییە لەنێو پرۆگرامی کەمینەدا، کە هەوڵدەدات لە ڕێگەی دروستکردنی فرێزەکانەوە بە ڕستە بگات. هەرچەندە لە زمانی کوردیدا بە کەمی لەم بابەتە دواون، بەڵام

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

زاراوەی جیاواز بەکارهاتووە؛ (قادر تارا موحسین ، ٢٠١١) و (عەزیز عومەر ئەحمەد ، ٢٠٢٣) "بارِ فرەیز"یان بەکارهێناوە، لە کاتێکدا (ڕەسول سەلاح حەویز ، ٢٠١٣) بە "فرێزی سادە"ناوی بردووە. لەم توێژینەوەیەدا، زاراوەی "فریزە داماڵراوەکان "بەکاردەهێنین، چونکە ئەم تیۆرییە پێکهاتەی سینتاکسی لە هەموو ئەو چین و ناوە زیادانە 'داماڵیوە' کە لە تیۆرییەکانی پێشووتردا، وەک: "ئێکس-بار" بوونیان هەبوو.لەBPS دا، بنەمای کارکردن بریتییە لە کردەی "لێکدان "، واتە هیچ فریزێک بوونی نییە، مەگەر بەرهەمی لێکدانی دوو توخم نەبێت. (Boeckx Cedric2011:3of18)،شایەنی باسە ڕۆنانەکان پێشوەختە بە یاسای دووبارە نووسینەوە پێناسە ناکرێن؛ بەڵکو توخمە لێکدراوەکان خۆیان ڕۆنانەکە پێکدەهێنن. جیاوازیی سەرەکیی ئەم تیۆرییە لەوەدایە کە پۆلە ئەرکییەکان دەبنە سەری فریزەکان،نەک ڕەگەزە فەرهەنگییەکان. هەرچەندە فریزە فەرهەنگییەکان بوونیان هەیە، بەڵام دەکەونە ژێر ڕکێفی فریزە ئەرکییەکانەوە.ئەم پرۆسەیە لەسەر بنەمای پاساودانی هەموو یەکە و بنەماکانی ڕێزمانی سەراپا (UG) کاردەکات. فۆکوی دەڵێت: دەبێت بۆ هەموو کردەیەکی سینتاکسی پاڵنەرێک هەبێت، کە ئەمەش لە ڕێگەی گونجان لەگەڵ دوو ڕووکاری سەرەکیی زمانەوە بەڕێوە دەچێت: سیستەمی چەمکی-نیاز (conceptual–intentional systems) و فاکتەری سێیەم کە تایبەت نین بە زمان .(هەمان سەرچاوە5 of 16)

ئەمەی خوارەوە نمونەیەکی هێلکاری درەختییە بەپێی تیۆری BPS




هێلکاری: (٤)

### ٣-١سەرە Head:

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکان کە لە ڕۆنانی فرێزدا تێبینی دەکەین ئەوەیە، کە لە بنیاتنانی هەر فرێزێکدا یەکەیەک هەیە کە زاڵە بەسەر فرێزەکە،واتەهەرفرێزێک یەکەیەکی جەوهەری هەیە



هێلکاری: (٥)

ئەو یەکانەی کە لە هێلکارییەکەدا لەناو بازنەکانن یەکەیەکی جەوهەریین، دەبێت لە نێو فرێزەکەدا هەبن، ئەم یەکانە بە سەرەی فرێز ناودەبرێن، بەم پێیە سەرەی VP/ف.کار بریتیە لە V و سەرەی ف.بەند PP بریتیە لە پێشبەند. Kim (Jong–Bok and sells Peter, 2007:50)

سەرەش چەند تایبەتمەندیەکی هەیە، لەوانە:

–سەرە پلەیەکی مۆرفۆسینتاکسی هەیە و هەڵگری نیشانەیەکی ڕێزمانییە، کە بۆ هەموو فرێزەکە دەگەڕێتەوە.

–سەرە دەسەڵاتی بەسەر کەرستە شوێنکەوتووەکانی خۆیەوە هەیە .

–سەرە لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ شوێنکەوتووەکانی خۆی ڕێکدەکەوێت.

( قادر سەباح رەشید، ٣١:٢٠٠٩ )

سەرەکان بە چەند جۆرێک پۆلێنکراون وەکو:

١– پۆلێنکردنی سەرەکان بە پشتبەستن بە پۆلی سینتاکسی، ئەمەش دوو جۆر لەخۆدەگرێت:

ئ/ سەرەی فەرهەنگی : سەرەی فرێزە فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە، وەکو VP ناوەکی و NP کە سەرەکەیان لە وشەیەکی فەرهەنگی پێکدێت، بە واتایەکیتر ئەگەر سەرە وشەیەکی فەرهەنگی بوو ئەوا فرێزێکی فەرهەنگی دروستدەکات.

ب/ سەرەی ئەرکی: سەرەی ئەو فرێزانەدەگرێتەوە کە بە فرێزە ئەرکییەکان ناسراون، وەکو: ( TP, AGRSP, AGROP, IZP ) دەگرێتەوە.

پۆلە ئەرکییەکان، کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە سینتاکسی نوێدا هەیە، بە دوو شێوەی سەرەکی دەردەکەون: هەندێکییان وەک ئەفێکسی لکاو (وەک تاف و ڕێککەوتن) و هەندێکی تریان وەک وشەی سەربەخۆ (وەک ئارتیکڵ و تەواوکارەکان) کاردەکەن، کاتێک سەرەیەکی ئەرکی فریزێک پێکدەهێنێت، فرێزێکی ئەرکی دروستدەکات. لە پرۆگرامی کەمینەدا، ئەم سەرە ئەرکییانە هەڵگری سیمای ڕێزمانیی تایبەتن، کە پێویستە لە ڕێگەی پرۆسەی پاساودانەوە بەهایان پێ بدرێت، ئەگەرنا دارێژراوەکە پەکیدەکەوێت. (عەزیز عومەر ئەحمەد ، ٢٠٢٣: ٩١)

گۆڕانکارییەکی مێژوویی لە تێروانین بۆ "سەرە"ی فرێز بەدیدەکرێت. لە قۆناغەکانی سەرەتای ڕێزمانی بەرهەمهێنان تا تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوە، "سەر"ەکان بە شێوەیەکی گشتی فەرهەنگی بوون؛ واتە لە فرێزی ناویدا ناوێک دەبووە سەر و لە فرێزی ئاوەڵناویشدا ئاوەڵناوێک. بەڵام، لەگەڵ پەرەسەندنی تیۆرییەکاندا، بەتایبەت لە تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوەدا، برێک لە "سەر"ەکان ڕۆڵێکی ئەرکییان وەرگرت. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی گریمانەی DP لەبری NP، کە تێیدا پۆلی ئەرکیی "دیارخەر" (وەک ناسراوی و نەناسراوی) دەبێتە سەری فرێزەکە. ئەم بۆچوونە لەلایەن (Abney, 1987)ەوە پێشخرا و پشتگیریی لێکرا. (عبدلرحیم عوسمان کەریم و قادر ئەبوبەکر عومەر، ٢٠٢٣: ١٥)لە

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5

پرۆگرامی کەمینەدا، ئەم پەیوەندییە لەنێوان سەرە ئەرکی و فەرهەنگییەکاندا ناوەکییە. سەرە ئەرکییەکان،بەهۆی هەڵگرتنی تایبەتمەندیی ڕێزمانییەوە، دەسەڵاتیان بەسەر ڕەگەزە فەرهەنگییەکانەوە هەیە و بۆ مەبەستی پاساودانی تایبەتمەندییەکان، بەرەو لای خۆیان ڕایاندەکێشن .(Attraction/Movement) ئەم پرۆسەیە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێو لقەکانی درەختی ڕستەکە پێکدەهێنێت. (عەزیز عومەر ئەحمەد، ٢٠٢٣: ١٢٩)

٢ –پۆلێنکردنی سەرەکان بە پشتبەستن بە پێگەی هێڵی لە ڕۆنانی فرێزدا:

ئەم پۆلێنکردنە تیشکدەخاتە سەر شوێنی سەرە، بەراورد بە تەواوکار و دیاریکارەکانی فرێز، ئەوەی جێگای سەرنجە بەپێی بنەماکانی UG لە فرێزی هەموو زمانێک دەبێ سەرە هەبێت، دەگونجێ لە شێوەی بەتاڵبێت، بەڵام هەر بوونی هەیە ، کەچی ڕیزبوونی سەرەکان بەپێی پارامیتەری زمانەکان دەگۆڕێت، فرێزی زمانەکان دابەشدەبن بۆ:

- سەرە–سەرەتا
- سەرە–کۆتا

بڕوانە خشتەی: (١)

| زمانەکان | جۆری سەرە | نمونە | ڕۆنانی فرێزەکان |
|---|---|---|---|
| کوردی | سەرە–کۆتا | کتێبەکە | N(kite^b)+D(eke) |
| ئینگلیزی | سەرە–سەرەتا | The book | D(the)+N(book) |
| عەرەبی | سەرە–سەرەتا | الکتاب | D(Al)+N(kita’b) |
| ئیسپانی | سەرە–سەرەتا | El libro | D(el)+N(libro) |

ئەوەی لەسەرەوە خرایە ڕوو بەشێوەیەکی ڕەها نییە، دەگونجێت سەرە–کۆتابێت،بەڵام لە بڕێک فرێزدا پێڕەوی سەرە–سەرەتا بکات و بەپێچەوانەوە،بۆنمونە زمانی کوردی سەرە–کۆتایە، کەچی لە فرێزی بەنددا سەرە–سەرەتایە،لەفرێزی خستنەپاڵیIZPسەرە دەکەوێتە ناوەڕاست،زمانی ژاپۆنی وکۆری و تورکی و فارسی هەرچەندسەرە–کۆتان، بەڵام لەDPسەرە دەکەوێتە سەرەتا.

بەکورتی دەتوانین بڵێین لە تیۆری ئێکس باردا (سەرە)بنچینەییترین توخمە و لە نزمترین ئاستی پێکهاتەکەدایە(X)، لە تیۆری ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکاندا چەمکی (سەرە) هەر گرنگە، بەڵام وەک ئەو توخمە سەیردەکرێت کە تایبەتمەندییەکانی خۆی دەدات بەو پێکهاتە نوێیەی کە لە ئەنجامی (لێکدان) دروستبووە.

**٣ – ٢تەواوکار Complement:**

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

چەمکی "تەواوکار" لە ڕێزمانی نوێدا پێناسەیەکی ورد و سنووورداری هەیە؛ بە پێچەوانەی تێگەیشتنە کۆنەکە کە ئارگومێنت و نا–ئارگومێنتەکانیشی دەگرتەوە. ئێستا، تەواوکار تەنها بەو کەرەستە پێویستانە دەگوترێت کە کردار بە شێوەیەکی هەمیشەیی پێویستی پێیەتی و لابردنی دەبێتە هۆی نارێزمانی بوون یان گۆڕینی واتا. (فەرهادی ساجیدە عەبدولا ، ٢٠١٣: ٢٩)

خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە کردارەکان تەنها تەواوکەرێک وەرناگرن، بەڵکو سەرپشکانە بەپێی پێویستیی خۆیان، جۆرێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرن .(Kim Jong-Bok and sells Peter, 2007: 51) بۆ نموونە، کرداری (خوارد)، تەواوکەرێکی (DP/NP) وەک تەواوکەری ڕاستەوخۆی خۆی هەڵدەبژێرێت؛نمونە:

– ئەو نانی خوارد.              (تەواوکاری ڕاستەوخۆیە.)

کرداری(بوو)  ...NP/DP,ADJP هەڵدەبژێرێت و دەیکاتە تەواوکەری کاری بوون؛نمونە:

–ئەو جوان بوو.              (تەواوکاری کاری بوون.)

کرداری (چوو) PP ییەک هەڵدەبژێرێت وەکو تەواوکاری ناڕاستەوخۆ،لەزاری خوارو ئارگۆمێنتە، بۆیە دەبێت بە تەواوکار ،تێبینی دەکرێت لەزاری خوارو ئەگەر بیبانەوێ سود لە فرێزی بەند نەبینن کاری (ڕۆیشت)بەکار دەهێنن لە بری (چوو)؛نمونە:–

ئەو چوو <u>بۆ بازاڕ</u>.              (تەواوکاری ناڕاستەوخۆ.)

–ئەو ڕۆیشت.

بەڵام دەکرێ لەهەندێک شێوەزار و بن زار ئەمPP یە نائارگۆمێنت بێت،وەکو ئەوەی لە شێوەزاری شەنگال بەرچاومان کەوتووە کاری (چوو) بەبێPP یش بەکار دەهێنن؛نمونە:

–هێڤی چوو.

بەم پێیەبێت لەم شێوە زارەداPP سەرباره نەک تەواوکار ،ئەگەر ئەمPPیە بەکاریشبهێنن سەرەی فرێزی بەندەکە گۆناکەن.

–هێڤی چوو <u>سوکا</u>(بازاڕ).

لەوکاتەدا سەرەی فرێزی بەند بەبەتاڵی دەمێنێتەوە،سەرباری بیرۆکەی تەواوکار وەکو کەرستەو ئەرکی ڕستە، تیۆری X′ وBPS کە تایبەتن بە فرێزەکانی زمان بەجۆرێکی دیکەش دەڕواننە چەمکی تەواوکار، لەم دوو تیۆرە فرێزێک بوونی هەیە بەناوی فرێزی تەواوکاری CP، کە پارتیکەڵەکان و هەندێک کەرستەی دی دەتوانن ببن بە سەرەی ئەم فرێزە.

**٣–٣ دیاریکار Specifier :**

چەمکێکی ڕستەسازییە، لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا پەیوەندیی بە ڕۆنانی فرێز و ڕستەکان و درەختی ڕستە هەیە ، زۆرجار بکەر ، دیارخەر ،سەربارەکان بۆخۆی ڕادەکێشێت لە تیۆری X′ دا دیاریکەر پێگەیەکی جێگیری هەبوو لەناو ڕێکخستنی پلەبەندی فرێزەکاندا، کە بە شێوەیەکی گشتی پێش سەرە و تەواوکار دێت، وەکو جێکەوتەی ناوەند [ X′و SPEC ] ،کە ڕێگەبە فراوانبوون و دووبارەبونەوەی فرێزەکان و جێگیرکردنی ڕەگەزە ڕستەسازییەکان دەدات، کە بە شێوەیەکی سروشتی سەر بە پێکهاتەی سەر –تەواوکارنین.لە نمونەی

- کچەکە کتێب دەخوێنێتەوە.

لێرەدا (کچەکە) بکەری ڕستەکەیە و وەک دیاریکاری فرێزە تافەکە (TP)کاردەکات.

لەگەڵ هاتنی پرۆگرامی کەمینە و تیۆریی ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان BPS ،دۆخی دیاریکارەکان چەمکسازییەکی بەرچاوی بەسەرداهات، چونکە لە BPS دا پێکهاتە ڕستەسازییەکان لە قاڵبە پێشوەختە دیاریکراوەکانەوە دروستناکرێن، کەپێشبینییەکانی ناونانیان هەیە، بەڵکو لە بڕی ئەوە لە ڕێگەی لێکدانەوە وەرگیراون،بۆیە لە BPS دیاریکارەکان سەربەخۆیی خۆیان لەدەستدەدەن لەنێو ڕستەسازیدا، و دەبنە بەرهەمی لێکدان.‹‹واتە لێکدراوێکی ناونراو هیچ شتێکی تایبەت لە پێکهاتەکانی $X^0$ – SPEC دا نییە، جگە لەوەی کە دەرئەنجامی جۆرێکی باوی لێکدان بێت.بۆ نمونە: ب^[ ت ت^[ئ ئ^ب]]

دەتوانین (ب) وەک دیاریکار ی(ت) وەسف بکەین، بەڵام کردەکە بە سادەیی لەبەرگیراوەیەکی (ب)و (ت) ی بەیەکەوە گرێدراوە و ئەوە تەنها شتێکە کە لەڕووی ڕێزمانیەوە پەیوەندیدارە ، چ پابەندبونێکی ڕێزمانی تایبەت لەژێر لێکداندا جێبەجێدەکرێت ، بەندە بەو ئەتۆمانەی کە کۆدەبنەوە لە ڕوانگەی خودی ئۆپراسیۆنەکانەوە نە تەواوکارن (سەربار) شتێکی تایبەتین هەردوکیان تەنیا نمونەی لێکدانی ناوەکین›› (Hornstein Norbert, 2009 : 67 )

ئەو کەرستانەی دەبنە تەواوکار بە گشتی ئەمانەن:

١– تاک بەندەکان:وەکو هەر ،تەنیا.

٢–ئامرازی نیشانە:وەکو ئە مە،ئەوە،ئەم–––ە ، ئەو––––ە.

٣–ڕادە:تۆزێک ،کەمێک، گشت.(قادر سەباح ڕەشید، ٢٠٠٩:٥٠)

دیاریکارەکان لەفرێزی ئەرکیدا زیاتر دەردەکەون وەک لەفرێزی فەرهەنگی، چونکە‹‹هەمووپۆلە ئەرکییەکان شوێنی دیاریکاریان هەیە، بەڵام ڕوون و ئاشکرا نییە، کە هەموو سەرە فەرهەنگییەکان شوێنی دیاریکاریان هەبێت و دیاریکاری سەرە ئەرکییەکان بە زۆری بەتاڵە لە ئەنجامی لێکدانی ناوەکی / جوڵاندنی NP / DP یەک لە شوێنی بنەڕەتیی خۆیانەوە ئەو شوێنە پڕدەکەنەوە و بەزۆری ئەو زمانانەش کە پۆلی ئەرکییان نییە شوێنی دیاریکارییان نییە›› ( قادر تارا موحسین، ٢٠١١:١١٨) لە BPS دا پرسی ژمارەی هاتنی دیاریکارەکان دێتە گۆڕێ، کە ئایا تەنها یەک دیاریکار دێت یان فرە


*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

دیاریکەری ڕێگەپێدراو؟ فرە دیاریکەریش لە درەختی ڕستەدا بە دوو شێوە لێکدەدرێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە سەری فرێزێک زیاتر لە دیاریکارێک وەربگرێت، دووەمیان ئەوەیە کە سەرێک زیاتر لە جارێک دیاریکارێک پاساوبدات.

دووەمیان بە گریمانەی وێنەدانەوەی دیاریکەر [1] دەناسرێت ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕۆنانێک زیاتر لە جارێک لە درەختەکە دەربکەوێتەوە. ( عەزیز عومەر ئەحمەد، ٢٠٢٣ : ٨٢ ) نمونە:

ا-سەرێک دوو دیاریکەریی هەبێت.

ب-سەرێک زیاد لە جارێک پاساوبدرێت.




هێلکاری: (٦)


زمانی کوردی لە پێکهاتەی فرێزەکان وادەردەکەوێت، کە زیاد لە دیاریکارێک ڕێگای پێبدرێت، بەتایبەت بۆ فرێزە دیارخەرییەکان بەمەرجێک پێویستە گریمانەکە بەو جۆرە بخرێتە ڕوو کە پێچەوانەی بنەماکانی دارشتن نەبێت، لەوانە: "بنەمای دوو لقی" کە خۆی لە لێکدانی دوو ڕەگەز دەبینێتەوە، "بنەمای پرۆژە سازدانی فراوانکراو"، کە بریتیە لە بوونی بکەر لە شوێنی دیاریکاری پرۆژە گەورەکە. (هەمان سەرچاوە: ٨٢ )

---

1 Mirrored Specifier

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

نموونە: نامی نوست.




هێڵکاری: (٧)

بە کورتی دیاریکار توخمێکە، کە زانیاریی زیاتر لەسەر فرێزەکە دەدات ودیاریدەکات. زۆرجار بکەری ڕستە لە پێگەی (دیاریکار)ی فرێزە تافەکە دایە(TP).لە تیۆری ئێکس-باردا(دیاریکار )پێگەیەکی جێگیری هەیەو لە بەرزترین ئاستی فرێزەکەدایە(XP)و خوشکی ئاستی(X')ە.بەڵام لە تیۆری ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان، پێگەیەکی جێگیر بە ناوی(دیاریکار )بوونی نییە، بەڵکوهەر توخمێک کە لەگەڵ فرێزێکی پێکهاتوودا وەک (X′)لێکبدرێت، دەچێتە ئەو پێگەیەوە. ئەم تیۆرە ڕێگە بە بوونی فرە دیاریکار (Multiple Specifiers) دەدات.

**٣-٤دیارخەر Determine :**

دیارخەرەکان، کە پۆلێکی ئەرکیی ڕێزمانین و پەیوەستن بە فرێزی ناوییەوە، پێگە و گرنگییان بەدرێژایی قۆناغەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. لە شیکارییە کلاسیکییەکاندا، کە لە ڕستەوە (S) دەستی پێدەکرد و بەرەو پێکهاتەی بچووکتر (NP, VP) دەڕۆیشت، دیارخەرەکان تەنها وەک بەشێک لە فرێزی ناوی (NP) سەیر دەکران و "ناو" بە سەرەی فریزەکە دادەنرا، (موحەمەدئەمین یوسف نوری ، ٢٠١٥: ٣٢) بەڵام لە کۆتاییەکانی تیۆری ئێکس-باڕ و تیۆریی ڕۆنانی فریزە داماڵراوەکاندا، گرنگیی دیارخەرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. ئەوان لە پۆلێکی لاوەکییەوە بوون بە "سەرە" ی فرێزی سەربەخۆی خۆیان، کە ناسراوە بە فرێزی دیارخەری .(DP) ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەدا بوو کە تێیدا پۆلە ئەرکییەکان (functional categories) بوون بە سەرەی فریزەکانی خۆیان، وەک (DP ، IP) یان (TP و CP)(Zamparelli Roberto 2000 : 20)لە نموونەی:


- کوڕە<u>کە</u>. پاشگری (ەکە) دیارخەری ناسراویە.
- <u>ئەو</u> ماڵە. وشەی (ئەو) دیارخەری ئاماژەیە.

زۆرجار لە شێوەدا دیاریکارەکان و دیارخەرەکان هاوشێوە دەردەکەون، بەڵام ئەمانە دوو ڕوانگەی جیاوازن لە سینتاکسدا ، دیارخەرەکان لە چوارچێوەی پۆلە ئەرکیەکان لە کەرستەکانی دەکۆڵێتەوە، بەڵام دیاریکار پێگەیەکی

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

ڕستەسازیە لە پێکهاتەی فرێزدا کە زیاتر دەکەونە پێش سەرەی فرێزەکە، دەگونجێت دیارخەرەکان شوێنی دیاریکارێک پڕبکەنەوە لە درەختی ڕستەدا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دیارخەر دەبێتە سەرەی فرێز نەوەک دیاریکاری فرێزێکیتر. هەریەک لە شوێنی دیاریکار و دیارخەر لە هێلکاری درەختی بەم شێوەیە:

هێلکاری: (٨)




**٣-٥سەربار Adjunct :**

‹‹"سەربار"بەو کەرستەیەی ڕستە دەگوترێت،کە دەکرێت لە ڕستەدا لاببرێت بێ ئەوەی دروستەو کرۆکی ڕستەکە بشێوێنێت.(ئەحمەد مەحمود فەتحوڵڵا، ١٣:١٩٨٨) واتە سەربار تەنیا بارو مەرجی ڕووداوەکە،یان باری ناوەکە دەردەخات و لەڕووی واتاوە گرینگی نییە،چونکە واتای ڕستەکە بەبێ ئەمیش هەر تەواوە.(فەرهادی ساجیدە عەبدوڵا،٦٥:١٩٩٥) سەربار یەکێکە لەکەرستەکانی ڕستە کە دەشێت بەهۆی چەند فرێزێکی وەکو(AP,DP,PP,Advp,...)بنوێنرێت. ›› (فەرهادی ساجیدە عەبدوڵا، ٢٩:٢٠١٣)ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکی سەربارن:

ا-منداڵانی غەزە لە برسان دەمرن.

ب-جەنگ لەغەزە هەڵگیرسا.

پ-ساڵێکە لە غەزە ئاگر دەبارێت.

ت-ئاوارەکانی غەزە بە خراپی ڕۆژگار دەگوزەرێنن.

شایەنی باسە لە جۆری ئەم نمونانەی سەرەوە، وەکو ئاوەڵگوزارەش لە کتێبەکاندا بەرچاو دەکەون(**بڕوانە: فەرهادی ساجیدە عەبدوڵا، ٢٠١٣: ٢٥-٢٦ لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی لەوێدا ئاماژەیان پێکراوە.**)بەم پێیە بێت ڕستەی(ا)(لەبرسان)سەربارەو ئاوەڵگوزارەی هۆییە. ڕستەی(ب)(لەغەزە)سەربارەو ئاوەڵگوزارەی شوێنە

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

ڕستەی(پ)(ساڵێکە)سەربارەو ئاوەڵگوزارەی کاتە. ڕستەی(ت)(بەخراپی)سەربارەو ئاوەڵگوزارەی چۆنییەتییە،بەڵام هەموو ئاوەڵگوزارەیەک نابێ بە سەربار، دەکرێت ببێت بە تەواوکار.

نموونە: لەرزینی منداڵەکە لە ترسانە.

دەکرێت وشەی پرس ببێت بە سەربار، چونکە‹‹وشەی پرس هەمووکات ئارگۆمێنت نییە، دەکرێت لە ڕستەدا نەیات، بۆیە گەر ئارگۆمێنت نەبوو، بەسەربار هەژمار دەکرێت.››

( Kim Jong–Bok and sells Peter ,2007:219)

نموونە: ئایا ئۆتۆمبێلەکەت کڕی؟

ئەم جۆرە ڕستانە ئەگەر لە باری گوتن دابێت بەهۆی هێزوئاوازەوە دەزانین، کە ڕستەی پرسیارییە و ئەگەر لەباری نوسینداببێت بەهۆی نیشانەی پرسیارەوە دەزانین ڕستەکە پرسیارییە، بۆیە لادانی وشەی پرس ڕستەکە ناشێوێنێت، کەواتە وشەی پرسەکە دەبێ بەسەربار،بەڵام ئەگەر وشە پرسەکە لە شوێنی کەرستەیەکی ئارگۆمێنت هات، ئەوا دەبێت بە تەواوکار.

نموونە: چیت کڕی؟

وشەی پرسیش لە MP دا لەژێر فرێزیCP دانراوە.هەرچەندە لە شێوەدا نزیکییەک هەیە لە نێوان تەواوکار (وەکو کەرستەیەکی ڕستە نەک وەکو فرێزی تەواوکاری)و سەربار، بەڵام هێشتا دەتوانین بە چەند ڕێگایەک سەربارەکان دەستنیشان بکەین:

١–تەواوکار بەندی کارەو هاوبەشی دەکات لەو بارە،یان ڕوداوەی کە کارەکە ڕادەگەیەنێت و بەشێکی گرینگە لە واتای کارەکە جیا نابێتەوە، کەچی سەربار تەنیا بارو مەرجی ڕوداوەکە، یان بارەکەی دەردەخات و لە ڕووی واتاوە گرینگی نییە.

–ئەو لە ژوورەوە دانیشت. (سەربار)

–ئەو لە ژوورەوە بوو. (تەواوکار)

٢–لادان یان فڕێدان بە تاقیکردنەوەیەکی سینتاکسی دادەنرێ بۆ جیاکردنەوەی تەواوکار و سەربار.

تەواوکار بەئارەزوو فڕێنادرێ لە ڕستەدا، چونکە بەندە بەکارەوە و کارەکە وازی لێناهێنێ،بەڵام سەربار بە پێچەوانەوە بەئارەزوو فڕێ دەدرێ بێ ئەوەی کار بکاتە سەر ڕستەکە لە ڕووی واتاوە.(فەرهادی ساجیدە عەبدوڵا، ١٩٩٥:٦٥)

نموونە:

–ئەو لە ژوورەوە دانیشت. ← ئەو دانیشت.

–ئەو لە ژوورەوە بوو.  ⟵  *ئەو بوو.(واتا گۆڕاوە.)

٣– ژمارەی تەواوکار سنوردارە، بەپێی جۆری ئەو کارەی داوای دەکات،بەڵام ئەو سنوردارییە بۆ سەربار نییە، چونکە هیچ سنورێکی ڕێزمانی بۆ ژمارەی سەربار نییە.دەکرێت چەندین سەربار بەیەکەوە لەیەک ڕستە دەربکەون.نمونە:

–ژنەکە خوێی لە چێشتەکە کرد. (تەواوکار)

–دوێنێ بەیانی دایکەکە بەپەلە منداڵەکەی لە بێشکەدا نواند.

سەربار ١   سەربار ٢   سەربار ٣

.(فەرهادی ساجیدە عەبدوڵا، ٢٠١٣: ٣٠–٣١)

٤–سەربارەکان دەتوانن لەگەڵ سەرە /کاری جۆراوجۆر دەرکەون و تایبەتنین بەچەند سەرەیەکی دیاریکراو لە کاتێکدا تەواوکار سنوردارە و بەپێی کارەکە چەند جۆرێکی دیاریکراوی پەیوەست بە کارەکە دەتوانێت وەربگرێت.–Kim Jong (Bok and sells Peter,2007:53)

واتە ئەگەر کەرستەیەک لە زۆر ڕستەدا دووبارە بێتەوە ئەوا لە نێوان سەربار و تەواوکار، زۆرجار دەبێت بە سەربار.

**٣–٦مۆدیفایەر /وەسفکار Modifier:**

زاراوەیەکی گشتییە بۆ هەر توخمێک کە وەسفی توخمێکی تر دەکات. پێچەوانەی تێروانینە کۆنەکان کە زیاتر بە فرێزی ناوییەوە دەیانبەستەوە، لە پرۆگرامی کەمینە(MP) دا پێناسەیەکی فراوانتر و داینامیکی هەیە.لەMP دا، مۆدیفایەر تەنها کەرەستەیەکی پاشکۆ نییە، بەڵکو دەکرێت خۆی ببێتە "سەر"ی فرێزێک.لە ڕێگەی کردەی "لێکدان"ەوە(Merge) ، مۆدیفایەرەکە لەگەڵ فریزە وەسفکراوەکەدا یەکدەگرێت و فریزێکی فراوانتری لێ دروست دەبێت، کە تێیدا مۆدیفایەرەکە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. بۆ نموونە، دیارخەرێک دەتوانێت ببێتە "سەرە"ی فرێزی دیارخەری (DP) و فرێزە ناوییە وەسفکراوەکە وەک پێکهاتەیەکی لاوەکی (دیاریکار/تەواوکار) وەربگرێت.مۆدیفایەرەکان بەزۆری سەربارن لەزمانی کوردیدا بەپێی ئەرک و شوێنی هاتنیان چەند جۆرێکیان لێ دەستنیشانکراوە کە ئەمانەن:

**٣–٦–١پۆست مۆدیفایەر /وەسفکاری پاشینPost-modifier :**

ئەو وەسفکارەیە، کە دەکەوێتە دوای ئەو وشەیەی (سەرە)کە وەسفی دەکات،ئەمە لە زمانی کوردیدا زۆر باوە.بەواتایەکی تر ئەو جۆرەی مۆدیفایەرە کەدوای سەرە (NP,VP...) دێت و وەسفی دەکات.چەندین جۆری فرێز دەتوانن وەک پۆست مۆدیفایەر کار بکەن.(Kim Jong-Bok and sellsPeter,2007:121 ) وەکو:

- ئەو فرێزانەی لەدوای فرێزی ناوی دێن،واتای فرێزی ناوی فراوان دەکەن:

- دیارخەرێک و فرێزی ناوی لەڕێگەی کردەی لێکدان لەگەڵ فرێزی ناوی پێشخۆیان لێکدەدرێن و فرێزی دیارخەری پێکدەهێنن:شار ی هەولێر ڕەنگینە.
- دیارخەرێک و فرێزی ناوی شوێن[2] کە لەشێوەیPP یان NP دەردەکەوێت:قاوە ی سەرمێزەکە ڕژا.
- فرێزی ناوی لەدوای فرێزێکی ناوییتر :ئازاد ئەنوەر پزیشکی مێشک و دەمارە.
- دیارخەرێک و فرێزێکی بەند:هۆنراوەیەک لە هۆنراوەکان بخوێنەوە.
- فرێزی تەواوکاریCP کاتێک پارستەیەک فرێزێکی ناوی پێش خۆی فراوان دەکات:

ئاریا کە کوڕی خوشکمە، لە نەخۆشخانەیە.

- ئەو فرێزانەی کە لەدوای فرێزی کاری دێن و واتاکەی فراوان دەکەن.
  - فرێزی ئاوەڵکاریADVP:خۆڵەکەم فرێدایەناو سەلەکەوە.
  - فرێزی بەندPP: باوکم ڕۆیشت بۆئێران.

**٣-٦-٢پری مۆدیفایەر /وەسفکاری پێشینPre-modifier:**

بریتییە لەو جۆرەی مۆدیفایەر کە پێش سەرەی فرێزێک دەکەوێت،ڕونکردنەوە دەربارەی سەرەی فرێزەکە دەدات.لەزمانی ئینگلیزیدا‹‹زیاتر فرێزە ئاوەڵناوییەکان دەگرێتەوە کە لەپێش فرێزە ناوییەکان دێن و وەسفی ناوەکە دەکەن. و زۆر جار بەیەکەوە DP دروستدەکەن. نمونە: (Kim Jong-Bok and sells Peter, 2007:120) ››

a. The Black Car Is Fast.

‹‹بەڵام لەزمانی ئینگلیزیدا هەموو فرێزێکی ئاوەڵناوی ناتوانن ئەم ئەرکە ببینن›› (هەمان سەرچاوەی پێشوو)لەزمانی کوردییدا پریمۆدیفایەرەکان جیاوازن لە زمانی ئینگلیزی،هەندێجار وا دەبێت ئەو مۆدیفایەرانەی لە زمانی ئینگلیزی دەبن بە پریمۆدیفایەر لە زمانی کوردییدا دەبن بە پۆست مۆدیفایەر ،بەراوردی ئەم دوو ڕستەیە بکە:

a. The Black Car Is Fast.

ا-ئۆتۆمبێلە ڕەشەکە خێرایە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە MPدا زیاتر دیاریکارەکان لە سەرەتا دێن، نەک مۆدیفایەرە نائارگۆمێنتەکان،بەڵام لە VP پریمۆدیفایەر چالاکترە وەک لە پۆست مۆدیفایەر لەزمانی کوردیدا.

---

2 Locative Phrase

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

لەهەندێک باردا دەتوانین ئەمانەی خوارەوە بە پریمۆدیفایەر دابنێین:

- ئەو فرێزانەی لەپێش ناو دێن و واتاکەی فراوان دەکەن.
  - فرێزی نەفی NEGP کە وەکو DP کاردەکات: هیچ منداڵێک وەکو تۆ بزێو نییە.
  - فرێزی تەواوکاری CP ئەو وشە پرسانە دەبن بە پریمۆدیفایەر کە ئارگۆمێنت نین: ئەرێ وێنەکەت بینی؟
  - کاتێک دوو ئامرازی بانگکردن بەیەکەوە دێن، ئامرازێکیان وەکو پۆست مۆدیفایەر دێت، ئەویتر وەکو پریمۆدیفایەر بەکاردێت: هۆهۆکورە واز لەو گوڵانە بێنە.
- ئەو فرێزانەی کە پێش فرێزی کاری دێن و واتای کار فراوان دەکەن.
  - فرێزی ئاوەڵکاری ADVP: هۆنراوەکەم بە هێواشی خوێندەوە.
  - فرێزی بەند PP: هۆنراوەکەم بۆ مامۆستا خوێندەوە.

### ٣-٧ ڕیزبوونی هێڵی linear ordering :

فرێزەکان لە ڕستەدا خاوەن ئەرکن، دەکرێت ببن بە (بکەر ، بەرکار ، کار ...)،ئەم ئەرکانە لە ڕستەی هەموو زمانەکاندا دەبیندرێت، بەڵام ڕیزبونی ئەم کەرستانە لەسەر هێڵی ڕستەدا هەرەمەکی نییە ، بەڵکو هەر زمانێک ڕیزبونێکی هێڵی تایبەت بەخۆی هەیە کە دەکرێت بە شێوەی ( SOV , SVO , VSO...)ڕیزببن.بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر بڕوانە خشتەی:(٢)

| زمانەکان | ڕیزبوونی هێڵی | نمونە |
|---|---|---|
| کوردی | SOV | ئیلیا سێوەکەی خوارد. |
| ئینگلیزی | SVO | Elya ate the apple. |
| ئیسپانی | SVO | Elya comió la manzana. |
| عەرەبی | VSO | أكل اليا التفاحة. |

بۆ دەستنیشانکردنی ڕیزبوونی هێڵیی زمانەکان، پتر پشت بە کەرستە سەرەکیەکانی ڕستە بەستراوە.لە زمانی کوردیدا هەرچەندە سەرەتا بکەر و دواتر بەرکار و کار دێت، بەڵام ئەمە شێوە باوەکەی ڕستەیە، ڕستەی ئاسایی دەگرێتەوە و ڕیزبوونێکی ڕەها نیە ، لە هەندێک باری وەکو ڕستەی مۆرفۆسینتاکس و شێوەی بکەرنادیار لە جۆری ڕیزبوونیان گۆڕانی بەسەر دادێت ، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە خشتەی: (٣)

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

| جۆری ڕسته | نمونه | ڕیزبوونی هێڵی |
|---|---|---|
| ڕستەی ڕاگەیاندن ، بکەر و بەرکار بە جێناوی سەربەخۆ جێگیر کراوە. | من تۆم بینی | SOV |
| ڕستەی ڕاگەیاندن ، بکەر بە ڕاناوی لکاو جێگیر کراوە. | تۆم بینی | OSV |
| ڕستەی ڕاگەیاندن ، بکەر و بەرکار بە ڕاناوی لکاو جێگیر کراوە. | بینیمیت | VSO |
| ڕستەی بکەر نادیار ، بەرکار بە ڕاناوی سەربەخۆ جێگیر کراوە. | تۆ بینرای | OV |
| ڕستەی بکەر نادیار ، بەرکار بە ڕاناوی لکاو جێگیر کراوە. | بینرای | VO |

**٤–١خاڵە هاوبەشەکانی نێوان تیۆری ئێکس–باڕ و ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان:**

سەرەڕای ئەوەی، کە ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان بۆ پڕکردنەوەی کە لێنەکانی تیۆریی ئێکس–باڕ دانرا، بەڵام دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە تیۆریی ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان گۆڕانی سەراپای تیۆری ئێکس بار ′X نییە، لە هەمانکاتدا چەند خاڵێک ئەم دوو تیۆرە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، وەکو:

١–هەریەک لە BPS و ′X بەشێکن لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە کە لەلایەن چۆمسکی دانراوە،بۆیە بەنزیکەی ئامانجی هەردوو تیۆرەکە هەمان شتە، بەڵام دەرئەنجامیان جیاوازە.

٢–هەردوو تیۆرەکە تایبەتن بەلێکۆڵینەوە لە بارەی فرێزەکانی زمانە سروشتییەکان.

٣–شیکردنەوە لە هەردوو تیۆرەکە بەشێوەی هەرەمییە[3] .

٤–لە هەردوو تیۆرەکەدا نواندنی درەختەکان دوو لقییە[4] .

٥–لە هەر دوو تیۆرەکە دا باوەڕوایە فرێزەکان ناوەکیین[5] و (سەرەی فرێزەکە واتاو ئەرک و ڕۆنانی کۆی فرێزەکە دەبێت)(عەزیزعومەر ئەحمەد،٢٠٢٣:٦٦)‹‹ناوەکی: بریتیە لەو جۆرە ناونانییەی کە یەکێک لە زانیارییەکانی ناوەوە خزمەت بە جۆری دیاریکردنی دەرچوونی بەستراو دەکات.ئەگەر ناونانەکان داماڵراوبن( بەواتای ڕۆنانی فرێزەداماڵراوەکان (Chomsky Noam ,1995a,b) ئەوا ناونانی ناوەکی کار دەکات بۆ گۆڕینی ئەتۆمە لێکدراوەکان بۆ ئەتۆمی ئاڵۆز و بەم هۆیەوە بەرپرسیارە بۆ لێکدانی زیاتر ›› (Hornstein Norbert ,2009:56)

**٤–٢ شیکارییەکی بەراوردکاریی نێوان تیۆریی ئێکس–باڕ و تیۆریی ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان لە زمانی کوردیدا:**

---

3 لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەک کەلە٤-٢-٥ ڕونکراوەتەوە
4 لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەک کەلە٤-٢-٦ ڕونکراوەتەوە

5 Endocentric

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

هەرچەندە تیۆریی BPS پێویستی بە چاکسازی زیاتر هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی تیۆری BPS توانیویەتی رێژەیەکی بەرچاو لە کێشەکانی تیۆری X′ چارەسەر بکات، ئێمە BPS بە تیۆرێکی گونجاوتر دەزانین بۆ فرێزەکان، هەوڵدەدەین لە رێگەی چەند خاڵێکەوە هۆکاری ئەم پاڵپشتییەمان زیاتر رون بکەینەوە:

**٤-٢-١ناونان Labels :**

ناونان بریتییە لە دیاریکردنی ناو و جۆری فریزەکان وەک: (NP, VP) لە درەختی شیکاریی رستەدا. لە تیۆریی ئێکس-باردا(X') ، ئەم ناونانە زۆر بەروونی و پێشوەختە دیاریکراوە؛ واتە پێش ئەوەی فریزەکە پڕ بکرێتەوە، ناونیشانەکەی ئامادەیە؛ بەڵام ئەم شێوازە رووبەرووی رەخنە بووەتەوە؛ وەک سامیوڵ ئێپستاین ئاماژەی پێدەدا، تەنها 'لابردنی ناونان ' (EL)چارەسەرێکی تەواو نییە، چونکە خودی کردەی 'لێکدان (Merge) 'لە بنەڕەتدا ناونان و پێشبینی بەرهەم دەهێنێت. بەپێی ئەم دیدگایە، ناونان دەرئەنجامی پرۆسەی لێکدانە، نەک مەرجێکی پێشوەختەی رستەسازی. ,Epstein) (Samuel D. et al, 2015: 117جیاوازییە بنچینەییەکە لێرەدایە: لە ئێکس-باردا ناونان پێشوەختە "دەنوسرێت"، بەڵام لەBPS دا دوای ئەوەی کەرەستەکان لێکدران، جۆری فریزەکە "پێشبینی دەکرێت". ئەمەش وا دەکات هێلکاریی درەختییەکە سادەتر و ئابوریتر بێت. شایەنی باسە،کۆڵینس یەکەم کەس بوو کە بە شێوەیەکی فەرمی پێشنیازی لابردنی ناونانی کرد و مۆدێلێکی نوێنەرایەتیی جیاوازی خستەڕوو.

١-{ا،ب}　　　　٢-{ا،{ا،ب}}

(Collins.C, 2000, 2002)ئێمە پێمان وایە کە سەرچاوەی نەهێشتنی ناونان و (پێشبینیکردن)لە دەستکاریکردنی لێکداندا دەدۆزرێتەوە.(Epstein, Samuel D. et al,2015:116 )

**٤-٢-٢بنەماکانی رێزمانی سەراپا Principles of Universal Grammar:**

رێزمانی سەراپا(UG) ، کە بەپێی بۆچوونی چۆمسکی لەسەر بنەمای زگماکی دامەزراوە، لە تیۆرییە نوێکانیدا هەوڵی کەمکردنەوەی کردە بنەڕەتییەکان دەدات، چونکە سادەیی گونجاوترە. (Hornstein Norbert, 2009: 2)لەم ڕوانگەیەوە، تیۆریی ئێکس-بار (X') ڕووبەڕووی ڕەخنەی جددی دەبێتەوە.

تیۆریی ئێکس-بار پێکهاتەیەکی سێ ئاستی وەک (TP, T', T) وەک پێویستییەک دادەنێت. بەڵام، بەپێی بۆچوونی (Chomsky Noam, 1999: 2)، ئەم سیستەمە بنەمایەکی گرنگی UG پێشێل دەکات کە بە "مەرجی گشتگیری (Inclusiveness Condition)" ناسراوە. ئەم مەرجە، کە (Chomsky Noam, 2006: 4)بە بنەمایەکی سروشتیی سیستەمی ژمێرکاریی دادەنێت، ڕێگە نادات هیچ زانیارییەکی نوێ لە کاتی دروستبوونی ڕستەدا (derivation) زیاد بکرێت. ئاستەکانی بار وەک (T' و TP) بە زانیاریی نوێ دادەنرێن کە لە بنەڕەتدا لە وشەکاندا بوونیان نییە و لەلایەن تیۆرییەکەوە زیادکراون. (Radford Andrew, 2009: 75)

**٤-٢-٣دەروازەی فەرهەنگی Lexical Entry :**

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

جیاوازییەکی بنچینەیی ئەوەیە، کە BPS تەنها ئەو کەرەستانە دەنوێنێت کە "دەروازەی فەرهەنگی"یان هەیە، بەڵام ئێکس–بار (X') ئاستەکانی بار و ناونانی فرێز زیاد دەکات کە دەروازەی فەرهەنگییان نییە. ئەم زیادکردنە بە پێشێلکردنی "مەرجی گشتگیری" دادەنرێت (هەمان سەرچاوە: ٧٥).هەروەها، تیۆریی ئێکس–بار نەیتوانی وەک پێویست گرنگی بە فرێزە ئەرکییەکان بدات، چونکە ئەمە لەگەڵ "گریمانەی بنەمای وشە"دا کێشەی تیۆریی دروستدەکرد (Bralich Philip A., 1991: 55). لە بەرامبەردا، تیۆریی BPS کە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای وشە ئەرکییەکان دامەزراوە، بە شێوەیەکی سروشتی و یەکگرتوو توانیویەتی هەم فرێزە ئەرکییەکان و هەم فرێزە فەرهەنگییەکانیش لەخۆبگرێت، بە پێچەوانەی ئێکس–بارەوە کە فرێزە ئەرکییەکان تەنها زیادکراوێکی درەنگ وەخت بوون.

#### ٤–٢–٤فرەدیاریکار Multiple–specifier:

تایبەتمەندییەکی دیکەی BPS ئەوەیە، کە فرەدیاریکارە،ئەمەش پێچەوانەی تیۆری′Xە،چونکە تەنیا ڕێگە بەیەک دیاریکار دەدرێت لە پرۆژەی مەزن دا. (قادر تارا موحسین، ١٣٩:٢٠١١)

هەرچەندە BPS ڕێگە بە فرە دیاریکاری دەدات، بەڵام ئەمە بۆ هەموو زمانێک ناگونجێت؛ لە زمانی کوردییدا فرە دیاریکاری بوونی هەیە.

#### ٤–٢–٥ڕۆنانی هەرەمی Structure–Building:

شێوەی هەرەمیی ئێکس–بار بە شێوازێکی "لە سەرەوە بۆ خوارەوە" دارێژراوە،کە تێیدا لەگەڵ ڕۆیشتن بەرەو خوارەوە، ژمارەی "بار"ەکان کەم دەکاتەوە (قادر تارا موحسین ، ٢٠٠٩: ٤٤). ئەم دیدگایەی "لە سەرەوە بۆ خوارەوە" بە درێژایی مێژووی ڕێزمانی بەرهەمهێنان زاڵ بووە بۆ دیاریکردنی سروشتی فاکەڵتیی زمان(FL) ، بەڵام پرۆگرامی کەمینە (MP) پرسیارێکی بنەڕەتی دەوروژێنێت: تا چەند پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕێزمانی سەراپا (UG) بۆ تێگەیشتن لە زمان؟بۆ وەڵامدانەوە، MPڕێبازێکی پێچەوانە و "لە خوارەوە بۆ سەرەوە" دەگرێتەبەر . پرسیارەکە دەگۆڕێت بۆ: چەندە کەم دەتوانین پشت بە UG ببەستین، لە کاتێکدا هێشتا بتوانین جیاوازیی زمانەکان ڕوون بکەینەوە، بە سوودوەرگرتن لە بنەماکانی "فاکتەری سێیەم"؟( Chomsky Noam, 2007: 4 ) فاکتەری سێیەم ئاماژەیە بۆ ئەو یاسا گشتییانەی، کە تایبەت نین بە زمان (وەک یاسای فیزیا، بیرکاری، یان سیستەمی ژمێریاریی مێشک). بەپێی ئەم دیدگایە، هەرچەندە زیاتر پشت بەم یاسا گشتییانە ببەستین بۆ چارەسەرکردنی مەرجەکانی ڕووکار ، ئەوەندە کەمتر پێویستمان بە ئامێرێکی تایبەت و ئاڵۆزی FL دەبێت. "گریمانەی کەمترینی بەهێز" ئامانجی گەیشتنە بە سیستەمێکی تەواو کە لە ڕێگەی فاکتەری سێیەمەوە مەرجەکانی ڕووکار جێبەجێ دەکات .(Epstein, Samuel D. et al., 2022: 45-46)

ئەم بیرۆکەی "لە خوارەوە بۆ سەرەوە" پێمان دەڵێت کە مێشکی مرۆڤ بە یەکجار پلانی ڕستە دانانێت؛ بەڵکو قۆناغ بە قۆناغ و لە کەرەستە بچووکەکانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە پێکهاتە گەورەکان. ئەم شێوازە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو یاسا زیادانە (وەک ئاستی بار و ناوی فریز) لەناو دەبات، کە لە تیۆرییەکانی پێشوودا هەبوون، ئەمەش بە تەواوی لەگەڵ بنەمای ئابوریکردن لەMP دا یەکدەگرێتەوە.

**٤-٢-٦بنەمای دوو لقی Binary:**

لە پرۆگرامی کەمینە(MP) دا، کردەی 'لێکدان (Merge) 'بە سادەترین شێوە کاردەکات: دوو توخم لە مەودای کارکردن (WS) هەڵدەبژێرێت و لێکیاندەدات، بۆ دروستکردنی توخمێکی نوێ. ئەم کردەیە، لەگەڵ 'ژمێریاریی کەمینە ' (Minimal Computation)و 'گەڕانی کەمینە(Minimal Search) 'دا، سروشتی دوو-لقیبوونی پێکهاتەکان و شوێنی توخمەکان دیاریدەکات.

(Chomsky Noam et al., 2023: 27) بەهۆی ئەم سروشتەی کردەی لێکدانەوە، هەموو پێکهاتەکان لەBPS دا بە شێوەیەکی بنەڕەتی دوو-لقین. هەرچەندە تیۆریی ئێکس-باڕیش لە بنچینەدا دوو-لقییە، بەڵام بەهۆی نواندنی ئاستەکانی باڕ (کە زۆرجار یەک لقیان هەیە)، درەختە شیکارییەکانی لە زۆر باردا وا دەرناکەون کە بە تەواوی دوو-لقیین.

**٤-٢-٧ئاستەکانی نواندن:**

لەGBدا ئاستەکانی نواندن چوار دانە بوون:

-دروستەی قووڵDS -دروستەی رووکەشSS

-فۆرمی فۆنەتیکیPF -فۆرمی لۆجیکیLF

لە پرۆگرامی کەمینە(MP) ، ئاستە ناپێویستەکانی دروستەی قووڵ (DS) و دروستەی رووکەش (SS) لادەبرێن. هۆکاری سەرەکیی ئەم لابردنە ئەوەیە، کە لە رووی چەمکییەوە، تەنها ئەو ئاستانە پێویستن، کە رووکارن لەگەڵ سیستەمەکانی دەرەوەی زمان، واتەجگەلە فۆرمی فۆنەتیکی (PF) و فۆرمی لۆجیکی (LF) ، هەر ئاستێکی تری وەک DSبە لادانێکی ناپێویست دادەنرێت.چۆمسکی DS بە ئاستێکی هاوبەشی ناپێویست لەگەڵ فەرهەنگدا دەزانێت. بۆیە، لابردنی ئەم ئاستە و بەدوایدا (SS) وەک هەنگاوێکی بنەڕەتی و نەخشەیەکی سەرەکی سەیر دەکرێت بۆ گواستنەوەی تیۆریی زمان بەرەو مۆدێلێکی سادەتر و ئابوریتری پرۆگرامی کەمینە. (ڕەسول سەڵاح حەوێز ، ٢٠١٣: ١٢٤).

**٤-٢-٨لەبەرگرتنەوە Copy:**

بەپێی تیۆری لەبەرگرتنەوە لەMP دا، جوڵاندنی کەرستەیەک شوێنپێیەک لە دوای خۆی بەجێناهێڵێت، وەکو ئەوەی لە GBدا هەیە، بەڵکو لەبەرگیراوەیەکی تەواوی ئەو کەرستەیە لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت. پاشان لە فۆنۆلۆژیدا دیاریدەکرێت کە کام کۆپی گۆدەکرێت؟ ئەم تیۆرە ڕێگە بە بژاردەیەک دەدات کە لە تیۆری شوێنپێدا بەردەست نییە، ئەویش ئەوەیە کە لەبەرگیراوەی کەرستە جوڵاوەکە بۆ گۆکردن بە زمانێکی تایبەت دیاریکراوە،ڕەنگە نزمترین بێت نەک بەرزترین، دەرئەنجامەکەی بریتییە لە جووڵە لە ڕستەسازی ئاشکرادا، کە بەشێوەی دەربڕاوی ڕستەیەک ئاشکرا نابێت.( Cheng (Lisa Lai-Shen and Corver Norbert 2006:189

**٤-٢-٩حوکمکاری-پێکهاتە C-Command :**

حوکمکار[6]: یەکێکە لە چەمکە گرینگەکانی GB کە لەسەرانسەری قاڵبە ڕێزمانییەکان بە کاردەهات. دەڵێین، کە (ا)حوکمی پێکهاتەی(ب)دەکات ئەگەر (ا) زاڵ نەبێ بەسەر(ب) و هەموو (پ)ێک،کە زاڵبێ بەسەر (ا)دا،زاڵیش دەبێ بەسەر (ب)دا.

حوکمکاری–پێکهاتە[7] : (ا)حوکمی پێکهاتەی(ب)دەکات ئەگەر:

- نە(ا)دەسەڵاتی بەسەر(ب)و نە(ب)یش دەسەڵاتی بەسەر(ا)دا بڕوات.
- جێکەوتەی مەزن دەسەڵاتی بەسەر(ا)و بەسەر (ب)یشدا بڕوات.(ڕەسول سەڵاح حەویز٢٠١٣:٣٣)

بیرۆکەی حوکمکاری پێکهاتە پەیوەندی بە تیۆری GB هەیە، بەم هۆیەوە ئەم بیرۆکەیە لە X′ کاری پێدەکرا کە پێی وابوو لقەکانی سەرەوەی درەخت حوکمی(وەچە ئاڕاستە)ی لقەکانی خوار خۆیان دەکەن،ئەم بیرۆکەیەلەBPSیشدا کاری پێکراوە، بەڵام ئێمە وای دەبینین لەگەڵ کاروبیری MP دا یەکانگیر نییە،چونکە(ا)یەیەکێک لەخاڵە سەرەکییەکانیMP ئەوەبوو، کە تیۆری دەسەڵات نەمێنێت لەپێناو بەدەستهێنانی پرۆگرامێکی ئابوریانە بۆ زمان بۆ ئەمەش پرۆسەی لێکدان و جوڵە و ئەوبابەتانەی پەیوەندی بەوانەوە هەیە، بەجێگرەوەیەکی باش دەزانین(ب) حوکمکاری پێکهاتە لەگەڵ بیرۆکەی هەرەمی ڕستە لەX′ دادەگونجا،چونکە هەرەمەکە لەسەرەوە بەرەو خوارەوە دەچوو،لەهەمانکاتدا حوکمکاری پێکهاتەش کەرستەکانی سەرەو حوکمی ئەوانەی خوارەوەی دەکرد، بەڵام لەگەڵ بیرۆکەی هەرەمی ڕستە لەBPS ناگونجێت،چونکە هەرەمەکە لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەچێت، هەرچەندە (کاین) پێکهاتەی حوکمکار بەشێوەیەکی دیکە لێکدەداتەوە،‹‹لەسەر بنەمای(دیاریکەر،سەر،تەواوکەر)پەیوەندی حوکمکاری پێکهاتە لەلایەن ڕەگەزە کۆتاکان لە خواروی درەختەکەدا بە پێی ڕێزبونێکی ئاسۆیی بەشێوەی(دیاریکار،سەر،تەواوکار) ڕێزبین لە درەختەکەدا ڕێزبونەکە بەم جۆرەیە: (ب)حوکمی پێکهاتەی (ا)دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە نابێت،واتە(ا)لەتوانای دایە حوکمی پێکهاتەی (ت)بکات،چونکە دەبێتە سەر،واتە ڕەگەزی ناوەڕاست هەمیشە سەرەیە،ڕەگەزی کۆتاییش هەمیشە تەواوکارە،هی سەرەتاش دیاریکارە.ئەم ڕێزبوونە لەگەڵ ڕۆنانی هەندێک فرێزی زمانی کوردیدا دەگونجێت، بۆنمونە فرێزە دیارخەرییەکان، بەڵام هەموو ڕێزبوونێکی زمانی کوردی پێڕەوی حوکمکاری پێکهاتەی ئەسیمەتری ناکات.›› (عەزیز عومەر ئەحمەد ٢٠٢٣:٧٥)بۆیە ئێمە وای دەبینین لە BPS دا چەمکی حوکمکاری پێکهاتە ئەرکی نییە،بەڵکو تەنها وەکو ڕونکردنەوە و وەسفی بابەتەکان بەکاردێت، بۆیە پێویستە چەمکێکی گونجاو هەڵبژێردرێت بۆ کردەکان و ڕەنگدانەوەی بابەتێک نەبێت، کە لە BPS وێڵکراوە.


**٤–٢–١١جۆری فرێزەکان:**

بەراورد بە تیۆری X′ ژمارەی فرێزەکان لەBPS زیاتر دەبێت،بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی ڕۆنانە جیاوازەکان فرێزی جیاوازییان لێ پێکهاتووە سادەتر بووە بۆ تێگەیشتن،بۆنمونە‹‹لە تییۆری X′ دا لەگیرەکی ڕێزمانی (T,AGR)فرێزی گیرەکی IP یان دروسکردبوو، کە دەبوو بە سەری ڕستەکە و ڕستەکەش دەبوو بە جێکەوتەی مەزنی گیرەکەکە و VP تەواوکاری گیرەکەکە بوو،بکەرەکەش دیاریکارەکەی بوو›› (ڕەسول سەڵاح حەویز، ٢٠١٣:٢٨)،بەڵام لە BPS ‹‹ئەم

6 Command
7 C-Command

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

فرێزە هەڵوەشایەوە،بۆ هەریەک لە فرێزی تافTP و ڕێککەوتن AGRP ›› (عەزیز عومەر ئەحمەد، ٢٠٢٣:٩٥)
کەدواتر فرێزی ڕێککەوتنیش دابەشبوو بۆAGRSPو AGROP. بەم شێوەیە:





هێلکاری: (٩)

**٤-٢-١٠شێوەی درەختی ڕستە:**

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی کەلەسەرەوە خستمانەڕوو، درەختی ڕستە لە تیۆریBPS و X′ دا شێوەیەکی جیاوازییان دەبێت،لە BPS تەنیا بابەتە پێویستییەکان دەبینرێت، بەڵام لە X′ دا سەرباری کەرستە پێویستەکان هەندێک کەرستەی ناپێویستیش دەبینرێت.ئەمە لەم نمونەی خوارەوە زیاتر ڕوندەبێتەوە.

-ئیلیا ئاوەکەی ڕشت.




(ب)　　(ا)

هێلکاری: (١٠)

هێلکاری (ا) درەختێکە بەپێی تیۆری X′ کە ناونان و ئاستی باڕ و حوکمکردنی بەلاوە گرینگە،بەڵام هێلکاری(ب)درەختێکە بەپێیBPS ، کە تەنها گرینگی بە لێکدان دەدات بۆ دروستبوونی فرێزەکان و تەنها فرێزەکان دەنوێنێت،بەمەش هێلکارییەکە سادەتر دەبێتەوە،بەڵام زۆرێک لە توێژەرانی BPSپشت بەناونان دەبەستنەوە بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر، لەگەڵ ئەوەشدا بڕوایان وایە لە فەرهەنگی ئاوەزی ئەم ناونانە بونی نییە.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

**ئەنجام:**

لەسەر بنەمای شیکاریی و بەراوردکاریی نێوان تیۆریی "ئێکس–بار" و تیۆریی "ڕۆنانی فریزە داماڵراوەکان " BPSلەسەر زمانی کوردی، ئەم توێژینەوەیە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. چەمکی حوکمکاری–پێکهاتە (C–Command): کە لە تیۆریی ئێکس–باردا بنچینەیی بوو، لەگەڵ بنەماکانی تیۆری ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان و پرۆگرامی کەمینەدا ناگونجێت. BPS پشت بە پێکهاتەی بەرهەمهاتووی هەڕەمەکی لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەبەستێت، کە ئەمەش وا دەکات چەمکی حوکمکاری–پێکهاتەی لەسەرەوە–بۆ–خوارەوەی ئێکس–بار پێویست نەبێت.
2. ئاستەکانی ناونان و بارەکان :تیۆری ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان بە نەهێشتنی ئاستی ناونان و ئاستی بارەکان ،وەک ( 'Xو XP) ، کە لە تیۆریی ئیکس–باردا گریمانەی پێشوەختە بوون، هێلکاری درەختی ڕستەکان سادەتر دەکاتەوە.لە BPSدا پێکهاتەکان تەنها ئەوە پیشاندەدەن کە پێویستە، ئەمەش وا دەکات شیکارییەکان ئابووریتر و کاراتر بن.
3. دیاریکار و دیارخەر :توێژینەوەکە دەریخستووە کەتیۆری ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان BPS ڕوانگەیەکی جیاواز و داینامیکیتر بۆ "دیاریکار" و "دیارخەر" پێشکەش دەکات. بۆ نموونە، فرێزی دیارخەری (DP) وەک فریزێک سەیر دەکرێت کە سەرەی فریزەکە دیارخەرەکەیە، ئەمەش شیکارییەکی وردتر و گونجاوتر بۆ پێکهاتەی ناوی لە زمانی کوردیدا دابین دەکات.
4. شێوازی هێلکاری درەختی ڕستە : هێلکارییە درەختییەکان لە تیۆری ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان BPSدا، بە شێوەیەکی بەرچاو سادەترن. تەنها ئەو توخمانە نیشان دەدەن، کە لە ڕێگەی کردەی "لێکدان(Merge) "ەوە پێکەوە بەستراون، بەبێ بوونی ئاستە زیادەکانی ئیکس–بار. ئەمەش وا دەکات شیکارییەکان ڕاستەوخۆتر و ئاسانترین بۆ تێگەیشتن ، هەرچەندە BPSداوای هێلکاری درەختی بێ ئاستەکانی بار و بێناونان دەکات، بەڵام توێژەرانی BPS نەیانتوانیوە بەتەواوی دەستبەرداری ناونان ببن .
5. جۆرەکانی فرێز :بە بەراورد لەگەڵ تیۆریی ئیکس–بار، تیۆری ڕۆنانی فرێزە داماڵراوەکان BPSژمارەی فریزەکان زیاتر دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی سادەتر شیکارییان دەکات. بۆ نموونە، فریزەکانی وەک (AGRP) و (TP) بە شێوەیەکی سەربەخۆتر و ڕوونتر شیدەکرێنەوە، کە ئەمەش لەگەڵ داتاکانی زمانی کوردیدا گونجاوترە.

**لیستی هێماوکورتکراوەکان:**

| | | |
|---|---|---|
| فرێزی ئاوەڵکاری | Adverb Phrase | ADVP |
| فرێزی ڕێککەوتنی بەرکاری | Agreement object Phrase | AGROP |
| فرێزی ڕێککەوتنی بکەری | Agreement subject Phrase | AGRSP |

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

| | | |
|---|---|---|
| BPS | Bare Phrase Structure | ڕۆنانی فرێزە داماڵڕاوەکان لە زمانی کوردیدا |
| CP | Complementizer Phrase | فرێزی تەواوکاری |
| DET | Determiner | دیارخەر |
| DS | Deep Structure | دروستەی قوڵ |
| EL | Eliminting Labels | نەهێشتنی ناونان |
| FL | Faculty of language | فاکەڵتی زمان |
| IP | Inflectional Phrase | فرێزی گیرەکی |
| IZP | Izafe Phrase | فرێزی خستنەپاڵی |
| LF | Logical form | فۆرمی لۆجیکی |
| NEGP | Negative Phrase | فرێزی نەرێ |
| PF | Phonetic form | فۆرمی فۆنەتیکی |
| PP | Prepositional Phrase | فرێزی بەند |
| SS | Surface Structure | دروستەی ڕوکەش |
| SMT | Strongest Minimalist Thesis | گریمانەی کەمترینی بەهێز |
| SPEC | Specifier | تەواوکار |
| TP | Tense Phrase | فرێزی کات |
| UG | Universal Grammar | ڕێزمانی سەراپا |
| V | Verb | کار |
| VP | Verb Phrase | فرێزی کاری |
| X′ | X–bar Theory | تیۆری ئێکس–بار |

| | | |
|---|---|---|
| WS | Work Space | مەودای کارکردن |
| * | Indicates an ungrammatical sentence | نیشانەی نارێزمانی بوونی ڕستە |

**سەرچاوەکان:**

**بەکوردی:**

**کتێب:**

–فەرهادی ساجیدە عەبدوڵا (2013). *هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی*،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

–قادر سەباح ڕەشید (2009).*هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردیدا*، چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

–مەحەمەد ئەمین یوسف نوری (2015).ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە،چاپخانەی نارین،هەولێر.

نامەی ئەکادیمی:

–ئەحمەد مەحمود فەتحوڵلا (1988).*کار تەواوکردن لە کوردیدا*،نامەی ماستەر،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی،هەولێر.

–ئەمین شلێر نایف(2015). فرێزێن ئەرکی د دیالێکتا کرمانجیا سەریدا(گۆڤەرا بەهدینی)،تێزی دکتورا، زانکۆی دهۆک،فاکەڵتی زانستی مرۆڤایەتی،بەشی زمانی کوردی، دهۆک.

– حاجی، ڤییان سلێمان (2007).*کەرستە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە*. نامەی دکتورا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی،هەولێر.

–حەمەڕەحیم شنە عەزیز(2023). فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا،نامەی ماستەر، زانکۆی هەڵەبجە، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور،بەشی زمانی کوردی، هەڵەبجە.

– ڕەسول سەلاح حەوێز (2013).*پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرام دا*. نامەی دکتورا، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، کۆیە.

– عەزیز عومەر ئەحمەد (2023).*تیۆری پاساودان لە زمانی کوردیدا*. نامەی دکتورا، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی، گەرمیان.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (74-104)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.5**

– فەرهادی ساجیدە عەبدوڵا(1994).*ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی*،نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی،هەولێر.

–قادرتارا موحسین (2011). *زمانی کوردی و مینیماڵیزم*. نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،بەشی زمانی کوردی،سلێمانی.

–مەحەمەد حاتەم ولیا(2006) پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان،نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەددین،کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی،هەولێر.

گۆڤار:

–عبدلرحیم عوسمان کەریم و قادر ئەبوبەکر عومەر (2023).*گرێی پرس بە پێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردیدا* ،گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی،ژمارە١،لاپەڕە١٣–٣٤

**References**

-Ali Fattah Mama (1997) *A Generative Grammar of Kurdish*. Unpublished Doctoral Dissertation. University of Amsterdam.

-Boeckx Cedric (2006). *Linguistic Minimalism: Origins, Concepts, Methods, and Aims.* New York: Oxford University Press.

-Black Cheryl A. (1999). *A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax*. Mexico: SIL International.

-Bralich Philip A.(1991).*X-Bar Theory and Morphological Juncture. PhD dissertation*. University of Hawaii. Ann Arbor, MI UMI Dissertation Services.

-Chomsky Noam (1995a). *The Minimalist Program*. 20th Anniversary Edition. Cambridge, MA: MIT Press

-Chomsky Noam (1995b). Bare Phrase Structure. *In G. Webelhuth (ed.), Government and Binding theory and the Minimalist Program*. Oxford: Blackwell.

- Chomsky Noam (1999) Derivation by Phase, MIT Occasional Papers in Linguistics, 18 (also published in M. Kenstowicz (ed.) (2001) *Ken Hale: A Life in Language*, MIT Press, Cambridge, MA,

-Chomsky Noam (2006) *'Approaching UG from below'*, Manuscript, MIT.

Chomsky, N. and Lasnik, H. (1977) 'Filters and control', Linguistic Inquiry 8: 425 504.

-Chomsky Noam(2007). Approaching UG from below. In: U. Sauerland and H.-M. Gärtner, eds., *Interfaces+Recursion=Language?* New York, NY: Mouton de Gruyter.

-Chomsky, Seely, Berwick, Fong, Huybregts, Kitahara, McInnerney and Sugimoto (2023). Merge and the Strong Minimalist Thesis. In: R. Freidin, ed. *Elements in Generative Syntax*. Cambridge: Cambridge University Press.

-Collins. C (2000). *Eliminating Labels. Manuscript*, Cornell University, Ithaca, NY.

-Collins. C (2002). Eliminating Labels. In Epstein, S.D. and Seely, T.D. (eds.) *Derivation and Explanation in the Minimalist Program*, Oxford: Blackwell.

-Cook Vivan and Newson Mark (1996). *Chomsky's Universal Grammar: An Introduction*. 2nd ed. Oxford: Blackwell.

- Epstein, Kitahara and Seely (2015). *Explorations in Maximizing Syntactic Minimization*. New York and London: Routledge.

- Epstein, Kitahara and Seely (2022). *A Minimalist Theory of Simplest Merge*. New York and London: Routledge.

-Hornstein Norbert (2009). *A Theory of Syntax: Minimal Operations and Universal Grammar*. Cambridge: Cambridge University Press.

-Jackendoff Ray (1977). *X-bar Syntax: A Study of Phrase Structure*. Cambridge, MA: MIT Press.

-Kim Jong-Bok and sells Peter (2007). English *Syntax: An Introduction*. Stanford, CA: Center for the Study of Language and Information.

-Radford Andrew (2009). *Analysing English Sentences: A Minimalist Approach*. Cambridge: Cambridge University Press.

- Valin Van et al. (2001) An Introduction to Syntax. Cambridge: Cambridge University press.

-Zamparelli (2000). *Layers in the Determiner Phrase*. Revised version of 1995 PhD dissertation, University of Rochester. [online] Available at: http://www.unibg.it/~zamparelli [Accessed 22 July 2025].